# دەبێ دژی نەخشەو بەدیلە کۆنەپەرستانەکان بۆ ئایندەی عێراق رابوەستین!

## گفتوگۆی بلاّوکراوەی "انترناسیونال هفتگی" لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد

## لیدەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

انترناسیونال هفتگی/ لە پلنیۆمی دوازدەهەم، واتە یەکەم پلنیۆمی دوای کۆنگرە، تۆ هەڵبژێردرای بە لیدەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، لە پێشدا پرسیارمان ئەوەیە کە بنەمای بڕیاری پلنیۆم بۆ هەڵبژاردنی لیدەر چی بوو؟

ڕێبوار ئەحمەد/ ئەم بڕیارەی پلنیۆم لە بنەڕەتدا ئەلقەیەکی دیکە بوو لە پرۆسەی دەرکەوتن و خۆنواندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزب، هەنگاوێکی دیکە بوو بۆ چونەپێش بەرەو حیزبێکی سیاسی کۆمەڵایەتی رزگاری بەخش کە خەڵك بتوانن لە ڕێگای بەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانیاندا ئومێدی خۆیانی پێوەگرێبدەن. باسی پلنیۆم ئەوەبوو حیزبێك کە پێی ناوەتە مەیدانی کێشمەکێش لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و دەیەوێ چارەنوسی کۆمەڵگا دیاری بکات، هەروەها بۆ ئەوەی لە ئاستی وەڵامدانەوە بە چاوەڕوانی و ئومێدەکانی جەماوەری خەڵکدا خۆی بنوێنێ، پێویستی بەوە هەیە کە ڕابەریی ناسراوی خۆی بۆ کۆمەڵگا بخاتەروو، پێویستە شەخسیەتەکانی بە گشتی و لیدەری حیزب بە تایبەتی بە کۆمەڵگا بناسێنێ.

ئەم مەسەلەیە بە تایبەت لە ئێستادا کە کۆمەڵگای عێراق بە هەلومەرجێکی چارەنوس سازدا تێپەردەبێت و لەسەر لێواری ئالوگۆڕێکی گەورە ڕاوەستاوەو خەریکە چارەنوسی ئەم کۆمەڵگایە بۆ چەندین ساڵی دیکە دیاری دەکرێت، بایەخێکی گرنگی هەبوو. بڕیاردان لەسەر تەرحی لیدەری بەو مانایەی لە پێشەوە باسم کرد، نیشانەی ئەوەیە کە حیزبی ئێمە دەیەوێ بە ئامادەییەکی زیاترەوە بچێتە ناو ئەم دەورانە حەساسەوەو دەوری کاریگەر بگێڕێ لە دیاریکردنی چارەنوسی کۆمەڵگادا. هەڵبەت پێویستە ئەوەش بڵێم تەرحێك کە لەم بارەیەوە پەسەند کرا، پێشتر لەلایەن منصور حکمەتەوە نوسرابوو.

انترناسیونال هفتگی/ تەرحی گشتی تۆ وەکو لیدەری حیزب بۆ ئایندەی عێراق چیە؟ لە تەرحی تۆدا بۆ هەڵسوڕانی ئایندەی حیزب، بەپێی تایبەتمەندی و جیاوازی کار لە بەشی عەرەبی و لە کوردستاندا ئەولەویەتەکانت چین؟

ڕێبوار ئەحمەد/ سەبارەت بە وەڵامی بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان تەرحی من هەمان تەرح و پلاتفۆرمی گشتی حیزبە کە لە بەرنامەی حیزب و بەلگەنامە پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی دووەمیشدا هاتووە. ئێمە ڕاستەوخۆ تێدەکۆشین بۆ گۆڕینی ڕژێمی سیاسی عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی فاشیستی بەعس و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و بەرپاکردنی جمهوریەکی سۆسیالیستی. ئێمە تێدەکۆشین لە پێناو ئایندەیەکی رەخشان بۆ خەڵکی عێراق لە سایەی کۆمەڵگایەکی شادو کراوەو ئازاددا، کۆمەڵگایەك کە خاڵیە لە چەوسانەوەو دابەش بوونی ئینسانەکان لەسەر بناغەی چینایەتی، خاڵیە لە هەژاری و نەداری و مەشەقەت، خاڵیە لە سەرکوت و بێمافی سیاسی. دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خەڵك لەسەر بناغەی شوراکانی خۆیان حوکمڕانی وڵات دەکات، ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی بەرقەرارە، ئیعدام و زیندانی ئەبەدی و هیچ جۆرە شکەنجەو سەرکوتێکی تیا نیە، هەموو جۆرە جیاوازیەك لەسەر بناغەی جنس و میللەت و دین... هەڵوەشاوەتەوە، خەڵك لە کۆنەپەرستی و دواکەوتویی و خورافاتی دینی و ناسیونالیزم رزگاریان بووە، دین کاری تایبەتی هەرکەسێکە. لە ڕووی ئابوریەوە نیزامی کاری

بەكرێ هەڵوەشاوەتەوەو هەمووان بە پێی توانا بۆ خۆشگوزەرانی كۆمەڵگا كاردەكەن و هەموانیش بە پێی پێویستی یان لە بەروبومی كۆمەلگاو پێداویستیەكانی گەشەو هەڵدان بەهرەمەند دەبن.

من دەزانم كە لەم رێگایەدا كۆسپ و رێگریمان لە پێشە، مەسەلەی ئەصلیش لێرەدا ئەوەیە كە ئیرادەی خەڵكی عێراق وردو پێشێلكراوە، چاوەڕوانی و بێئومێدی و رەشبینی بەسەر خەڵكدا زاڵكراوە. خاڵی بەهێز بۆ ئێمە ئەوەیە كە لە پێشدا بتوانین ئیرادەو ئومێدی خەڵك بەوەی كە دەتوانن و دەبێ بە هێزو قودرەتی خۆیان چارەنوسی خۆیان دیاری بكەن، ببوژێنینەوە. لەم بارەیەوە بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەم گرفتانە لە كۆنگرەی دووەم و پلنیۆمی ١٢دا تەرحی تاكتیكی و دیاریكراومان خستوەتە دەستورەوەو ئێستا سەرقاڵی راپەراندن و بەرەوەپێشبردنیانین. لێرەدا بە كورتی باسی هەندێكیان دەكەم. بە بڕوای ئێمە دەخاڵەتی ئەمریكاو غەرب لە كاتی جەنگی خەلیجەوە تا ئێستا، چ بە ملهوری عەسكەری و چ بە ئابلۆقەی ئابوری، لە رووی سیاسی و ئابوریەوە كۆمەڵگایان بەرەو دواوە بردوە، بەهانەیان داوەتە دەست رژێمی تاوانباری بەعسەوە بۆ درێژەدان بە دەسەلاتی رەشی خۆی. زەمینەیان بۆ پەرەسەندی خورافەی ناسیونالیزم و ئیسلام و سەربەرزكردنەوەی دەستەو تاقمە ئیسلامیەكان خۆشكرد. ئێمە ئیدعانامەیەكی سیاسیمان دژی دەخاڵەت و سیاسەتەكانی ئەمریكاو دەورەی تازەی هەڕەشەكانی بۆ پەلاماردانەوەی عێراق راگەیاندوەو لە دەرەوەو ناوەوەی ولات بە هەموو توانا دژی ئەو هەڕەشانەو ناكام كردنەوەی ئاكامەكانی تێدەكۆشین.

مەسەلەیەكی گرنگی دیكە وەكو ئاكامێكی نەخشەو سیاسەتەكانی ئەمریكا داسەپاندنی ئۆپۆزیسیونی میللی- ئیسلامی تا سەرمۆخ كۆنەپەرستانەیە بەسەر چارەنوسی خەڵكی عێراقدا. بەرپاكردنی كۆنگرەی لەندەن كە پیكهاتبوو لە لایەنە شیعەو سونەو ناسیونالیستە كوردو عەرەبەكان و جەنەراڵە كۆنە بەعسیە تاوانبارەكان و دەستەوتاقمی بەكرێگراوی راستەوخۆی ئەمریكا، هەنگاوێك بوو لەم پێناوەدا. ئێمە هەر لە كاتی كۆنگرەكەدا ریزێكی جیاوازمان لە بەرامبەرو دژی ئەوان سازماندا كە لە ئاستی دنیادا رەنگدانەوەی پەیداكرد، هەروەها بەتایبەتی لە پلنیۆمی ١٢دا سیاسەتێكی رۆشنمان گرتەپێش بۆ پەردە هەڵماڵین لە رووی ئەم پیلانەو ناكام كردنەوەی، بە مەبەستی لەكارخستنی ئەو سیاسەتەیان ئیقداماتی پێویستمان بۆ كۆمەڵگا راگەیاندوە. دەمانەوێ جەماوەری خەڵك لە دەوری ئەم سیاسەتە بهێنینە مەیدان و بە هەوڵی حیزب و بە پشتیوانی هێزی خەڵك رێگا نەدەین جارێكی دیكەو بۆ چەندین ساڵی دیكە كۆمەلێك جانەوەری ئیسلامی و دەستەوتاقمی ناسیونالیست و لۆمپن بە سیاسەتی كۆنەپەرستانەیانەوە لە جێگای رژێمی بەعس خۆیان بەسەر چارەنوسی كۆمەڵگاو خەڵكدا داسەپێنن.

ئەم رەوەندە كۆنەپەرستانەیە رووبەڕوو بونەوە لەگەڵ صدام و رژێمی بەعسی وەكو پاساو بەدەستەوە گرتووە. ئەوان دەزانن خەڵكی عێراق نەفرەتێكی گەورەیان بەرامبەر ئەم رژێمە هەیە دەیانەوێ لەسەر ئەم نەفرەتە سەرمایە گوزرای خۆیان بكەن. ئێمە بە رۆشنی نیشانمانداوە كە نەخشەكانی ئەمریكاو خودی ئەم ئۆپۆزیسیونە كۆنەپەرستانەیە لە برگەی جیاجیادا هاوكاری مانەوەی رژێمی بەعسیان كردوە، ئێستاش بەدیلیك كە ئەوان دەیخەنەروو هەروەكو رژێمی بەعس رەش و كۆنەپەرستانەو دیلهێنەرە بۆ خەڵكی عێراق. لە بەرامبەردا بەپێی تەرح و نەخشەی ئێمە رێگای واقعی بۆ رووخاندنی رژیمی بەعس، هاتنەمەیدانی ئیرادەی خەڵكە، كە لە هەمانكاتدا دەسەلاتی راستەخۆی خەڵك دەنێتە جێگای ئەم رژێمە. حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری نوینەرایەتی خەباتێكی واقعی دەكات بۆ رووخاندنی رژێم. بەپێی نەخشەی ئێمە بە روخانی رژێمی بەعس نابێ كۆمەڵگا رەزایەت بە هیچ شتێكی كەمتر لە دەسەلاتێكی سكولاری غەیرە قەومی و غەیرە دینی پشت بەستو بە ئیرادەو رای خەڵك بدات، دەسەلاتێك كە ئازادیە سیاسیەكان بە رەسمی بناسێت و مافی خەڵك بۆ هەڵبژاردنی نیزامی حوكمی ئایندە دەستەبەر بكات. تەرحی ئێمە هاوكات لەگەڵ رووخاندنی رژێمی بەعس زامنی ئازادی و رزگاری خەڵكی عێراقە لە دەست كۆنەپەرستی و بێمافی. دەعوانامەی پەسەندكراوی كۆنگرەی دووەم دژی دەسەلاتی رەشی رژێمی بەعس لایەنە جۆراوجۆرەكانی بەدیلی ئێمەی خستوەتەروو، ئەم سەنەدە بەشێكە لە پلاتفۆرمی كاری ئەم

دەورەیەی من. هەروەها توندکردنەوەی خەبات دژی ئیسلامی سیاسی لە عێراق و ناوچەکەداو پەرەپێدانی خەبات لە دنیای عەرەب دوولایەنی دیکەی پلاتفۆڕمی کاری هەڵسوڕانی داهاتوومانە.

دەربارەی بەشی دووەمی پرسیارەکەتان بێ گومان فەرق و جیاوازیەك لە نێوان هەل‌ومەرجی کارمان لە بەشی عەرەبی عێراق و لە بەشی کوردستاندا هەیە. هەوڵمان بۆ ئەوەیە کە ئەو کەم و کوریە بنەڕەتیانەی هەڵسورانمان کە لە بەشی عەرەبی هەیە پڕبکەینەوە. بەدەر لەو کۆسپ و ڕێگریانەی لە پێشماندا هەبووە، تا ئێستا فرسەتمان لە دەستداوە. بەڵام لە یەکساڵی رابردوودا ئالوگۆڕێکی باش و روو لە پێش بەسەر هەڵسورانماندا هاتووە لەم بەشەدا. هەڵسوڕانی حیزب چ لە دژی رژێمی بەعس و چ لە دژی سیاسەتە دژی ئینسانیەکانی ئەمریکا بە تایبەتی ئابلۆقەی ئابوری و هەڕەشە جەنگیەکانی ئەمریکا، جێگاو ڕێگای حیزبی لەم بەشەی کۆمەڵگادا بەرەوسەر بردوە. هەروەها رەنگدانەوەی هەڵسوڕانی حیزب لە پەیوەند بە مەسەلەکانی دنیای عەرەب بە تایبەت مەسەلەی فەلەستین و ژنان و ئیسلامی سیاسی کە دنیای عەرەبی کردوە بە پایگای ئەصلی خۆی، دەورێکی گرنگی گێڕاوە لە بردنەپێشی ئەم مەسەلەیەو پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی و کەم و کوڕیە. ئێمە ئەم جهەتە لە دەورەی تازەی هەڵسوڕاندا درێژە پێدەدەین، لەم بەشەی کۆمەڵگادا ئەولەویەتی ئێمە ئەوەیە کە حیزب و سیاسەتەکانی بە فراوانی بەرینە نێو خەڵك و هاوکات لەسەر بناغەی ئاکامی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی ئەم هەڵسوڕانە پایەکانی حیزب مەحکەم بکەینەوە. بەهێزکردنی پایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزب و دەرکەوتنی بەوێنەی حیزبێکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی لە ئاستی عێراقدا، ئەولەویەتێکی ئەساسیە لە کارماندا. بەم پێیەش چ لە نەخشەی کارو چ لە تەرکیبەی مەکتەبی تەنفیزی وەکو ئۆرگانی رابەریی هەڵسوڕانی رۆژانەی حیزب، لە چاو پێشووتردا جێگاوڕێگاو تواناییەکی زۆرترم بۆ کار لەم مەیدانەدا لەبەرچاو گرتووە.

لە کوردستاندا جێگاوڕێگایەکی باشترمان هەیە بۆ کاریگەری دانان و دەخالەت لە چارەنوسی کۆمەڵگا. دەعوانامەیەك کە لە کۆنگرەی دووەمدا بەرامبەر حاکمیەتی ناسیونالیزمی کورد رامانگەیاندوە، سەرخەتی ئەصلی روانگەی سیاسی و عەمەلی ئێمەی لە کوردستاندا دیاریکردوە. لەسەر ئەم بناغەیە هەڵسوڕانی حیزب لە دەوری کۆتاییهێنان بە سەرگەردانی کوردستانی عێراق چەقی بەستووە. حاکمیەتی ئەحزابی ناسیونالیست نە شەرعیەتی هەیەو نە تەباییەکی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خەڵکدا هەیە. پێویستە ئیرادەی خەڵك بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان بەگەڕبخرێت، لەم پێناوەدا ئێمە هەوڵدەدەین بۆ بەریخستن و سازدانی بزووتنەوەیەکی جەماورەی لە پێناو دیاریکردن و یەکلاکردنەوەی چارەنوسی کوردستان بە جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ڕێگای بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی گشتی و ئازادانەی خەڵکی کوردستانەوە. هەروەها تێدەکۆشین بۆ رابەری کردنی نارەزایەتی جەماوەری لە پێناو بەگەڕخستنی دەسەڵاتی راستەخۆی خەڵك و فەراهەم کردنی مافە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان و هەڵپێچان و قەدەغەکردنی هەڵسوڕانی رەوتە تیرۆریستە ئیسلامیەکان. لەم بارەیەوە بە بڕوای من حیزب دەبێ بایەخێکی گەورە بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو بزووتنەوەی ژنان، لاوان، بزووتنەوەی کرێکاری و نارەزایەتی جەماوەری زەحمەتکێش بدات کە بە تایبەتی لە ئێستادا بە فراوانی روویان لە گەشەو هەڵدانە. هەوڵی ئێمە بۆ ئەوەیە کە حیزب بەوێنەی حیزبی رابەری نارەزایەتی جەماوەری دژی بێمافی و مەحرومیەت و کۆنەپەرستیەك کە لە سایەی دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیونالیستدا گیرۆدەی بوونە، دەوری کاریگەری خۆی بگێرێ.

انترناسیونال هفتگی/ لە بارەی پەلاماردانی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە رات چیەو تەرحی تۆ چ لە بەشی عەرەب زمانی عێراق و چ لە کوردستان، بەرامبەر هێرشی ئەمریکاو ئاکامەکانی بۆ خەڵکی عێراق چیە؟

ڕێبوار ئەحمەد/ من پێم وایە ئەمریکا لە پێناو داسەپاندنی بالادەستی خۆی بەسەر دنیادا، لە پێناو ملدانەواندن بە رقیبە جیهانیەکانی، لە پێناو داسەپاندنی نەزمی نوێی جیهانی و بۆ ئەوەی هەرکات لە رووی بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە لە هەر جێگایەکی دنیادا بە پێویستی زانی بتوانێ دەخالەت و لەشکرکێشی بکات، ئێستا زۆر پێویستی بەوەیە شەڕێکی کۆنەپەرستانەو خوێناوی دژی عێراق بەرپابکات. ئەمریکا ریاکارانە ئەم

ئامانج و مەبەستەی خۆی پێچاوەتە خواست و ئارەزووی رەوای خەڵکی عێراق و جیهانەوە بۆ رووخاندنی رژێمی فاشیستی صدام حسین، بەم جۆرە دەیەوێ بە بەهانەی لابردنی صدام شەڕێکی کۆنەپەرستانەو وێرانکەر بەرپابکات و عێراق و ناوچەکە بخاتە بەردەم هەڕەشەی تیاچون و کاولکاری و کوشتاری بە کۆمەڵەوە. ئەو ١٢ ساڵە بە بەهانەی سەرچڵیی صدام حسین، بە حصاری ئابوری و برسی کردن و شەڕو بۆمباران ئەم کۆمەڵگایە وێران دەکات و خەڵکەکەی کۆکوژ دەکات، بەڵام ئەمجارە دەیەوێ بە بەهانەی کۆتاییهێنان بە دکتاتۆریەتی صدام بە یەکجاری ئەم کۆمەڵگایە خاپور بکات. ئەم جەنگە جگە لە کاولکاری، جگە لە سەرکوت و پاشەکشە بە ئازادی و ئینسانیەت لە ناوچەکەو هەموو جیهاندا، جگە لە پەرەپێدانی کۆنەپەرستی و زەمینەدان بە هێزە کۆنەپەرستە قەومی و ئیسلامیەکان، جگە لە نقوم کردنی کۆمەڵگای عێراق لە ناو شەڕو نائەمنی و برسێتی و مەرگدا هیچی دیکە نیە. بۆیە ئێمە هاوکات لەگەڵ خەباتی بەردەوام و پەیگیرانەمان لە پێناو رووخاندنی رژێمی فاشیستی بەعسدا، بە توندی لە دژی ئەم شەڕخوازیەی ئەمریکا رادەوەستین.

لەم بارەیەوە تەرحی ئێمە بۆ خەڵك، لە هەنگاوی یەکەمدا هەوڵ و تێکۆشانە بۆ ئەوەی بە دەوری خۆمان هێزێکی کاریگەربین لە دژی جەنگی ئەمریکا و خەڵك بە فراوانی لە دژی ئەم جەنگە بهێنینە مەیدان، دەبێ دەنگی ناڕەزایەتی خەڵك دژی ئەم جەنگەو دژی ئەمریکاو دژی ئۆپۆزیسیونی لایەنگری جەنگ بەرزبکەینەوەوبە گوێی هەموو دنیای بگەیەنین. بەم جۆرەش ریزێکی فراوان و کاریگەر لە دژی جەنگ پێکبهێنین. لە هەمانکاتدا ئیحتمالاتی جۆراوجۆرمان لەبەرچاو گرتووە. ئەگەر بەدەر لە ئیرادەی ئێمە ئەو جەنگە قەوما کۆمەڵێك ئەرکی تازە دەکەوێتە دەستوری کاری ئێمەوە کە لێرەدا بە پێویستی نازانم بچینە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی. لەو کاتەشدا مەسەلەی ئێمە ئەوەیە کە خەڵك کەمترین زەرەرو زیانیان بەرکەوێت، دەبێ خەڵك بهێنینە مەیدان و ئەوپەڕی فشار بهێنین بۆ ئەوەی جەنگ دەستبەجێ تەواوبێت و خۆی نەکێشێتە جێگای کارو ژیانی خەڵك. ئێمە لە ئێستاوە سەرنجی خەڵك بۆ ئەوە رادەکێشین کە گومانی ئەوە دەکرێت هەردوولای شەڕ چەکی کۆکوژ بەکاربهێنن، ئەمە دەبێ لەگەل ناڕەزایەتیەکی توندو گەورە بەرەوڕووبێت. هەروەها خۆ ئامادەکردن بۆ ئەوەی ئەگەر لەم پرۆسەیەدا ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە عێراقدا هاتەکایەوە، دەبێ خەڵك ئامادەو هوشیاربن و مل بە ئەلتەرناتیڤی ئەمریکاو ئۆپۆزیسیونی کۆنەپەرست نەدەن. لە بەرامبەر ئەم ئیحتماڵەدا حیزبی ئێمە تێدەکۆشێت کە جەماوەری خەلك بە ئامادەییەوە بێنە مەیدان و خۆیان چارەنوسی خۆیان دیاریبکەن. دەبێ پلاتفۆرمی پەیڕەوی لە ئازادیە سیاسیەکانی خەلك و زەمانەتی مافی خەلك بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتی ئایندەی عێراق هەر لە ئێستاوە ببرێتە نێو خەڵك و لە دەوری ئەوانە کۆبکرینەوە. مەترسیەکی دیکە ئیحتمالی شەڕو کێشەی داروده‌ستەی جۆراوجۆری ئیسلامی قەومیە بۆ کوشتارو پاکسازی. خەڵك ئەگەر بە هوشیاریەوە لە مەیدان ئامادەبن دەتوانن ئەم سیناریۆ رەشە پوچەڵ بکەنەوە کە لە ئێستاوە بە گوێی خەڵکدا دەدرێت. حیزبی ئێمە لەم بارەیەوە سیاسەتی رۆشن و ئینسانی خۆی راگەیاندوە.

بۆ هەموو ئەوانە حیزب لە رووی سیاسی، ریکخراوەیی و عەسکەریەوە چ لە بەشی عەرەبی و چ لە کوردستان سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن و هێزکۆکردنەوەیە. بانگەوازی من بۆ جەماوەری کرێکاران و ژنان و لاوان و خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخواز ئەوەیە کە بەچاوێکی کراوەوە چالاکانە لەم خەباتەدا بەشداری بکەن و لە دەوری سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کۆببنەوە.